# شیکردنەوەی دژیەک لە شیعرەکانی (نالی) دا

م.ی. هێرۆ عەبدولڕەحمان مستەفا ئەحمەد
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلیژی پەروەردەی بنیات بنەڕەتی

د.صافیە محەمەد
زانکۆی ڕاپەڕین
سکولی پەروەردەی
بەشی کوردی

## پێشەکی

دژیەک هونەرێکی ڕەوانبێژییە و میکانیزمێکی گرنگە لە بونیاتنانی شیعرییەتی دەق بە گشتی و - شیعر- بە تایبەتی؛ چونکە بەشداری لە مەزراندنی چەندین لایەنی ئیستاتیکی دەقدا دەکات. دژیەک لە شیعرەکانی (نالی)دا پانتاییەکی فراوانی بەبەرخۆیدا بڕاندووە و بە شێوازی هەمەجۆر دەرکەوتووە، بەمەش بۆتە بنەمایەکی گرنگی زۆرێک لە ڕەهەندە ئیستاتیکییەکانی شیعرەکانی شاعیر؛ بۆیە ئەم توێژینەوە لەم سۆنگەیەوە بە ئەنجام گەیێنراوە و تیایدا هەوڵ دراوە، بە وردی باس لەم هونەرە بکرێت بە سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو بەش کراوە:

**بەشی یەکەم:** تایبەت کراوە بە چەمک و پێناسەی دژیەک و جۆرەکانی دژیەک و پەیوەندییە واتاییەکانی دژیەک، کە تێیدا لە ڕووی زاراوە و زمان دژیەک ناسێنراوە و پاشان چەند پێناسەیەکی خراوەتەڕوو، دواتر بە نموونەی شیعرەکانی (نالی) ئاماژە بە جۆرەکانی دژیەک کراوە بە پێی بنەما و پۆلینە جۆراوجۆرەکان، دواتریش باس لە پەیوەندییە واتاییەکان کراوە، لە چوارچێوەی دژیەکدا و بە نموونەی شیعرەکانی (نالی)یش ڕوون کراونەتەوە.

**بەشی دووەم:** تایبەتکراوە بە ڕۆڵ و پێگەی دژیەک لە بەشداریکردنی لە شیعرییەت و بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعرەکانی(نالی)دا، کە ئەمەش خۆی لە بونیاتی مۆسیقا (دەرەوە و ناوەوە) و وێنەی شیعرییدا دەبینێتەوە. دواتریش بە چەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێیگەیشتووین خراونەتەڕوو، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی، کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێوەرگیراوە، لە کۆتایشدا کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم: دژیەک(چەمک، جۆر، پەیوەندی واتایی)

## چەمک و پێناسەی دژیەک:

زاراوەی دژیەک زاراوەیەکی ناسراو و بڵاوە، لە هەر زمانێکدا زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە و لە ڕوانگە و گۆشەنیگای هەمەجۆریش چەندین پێناسەی هەمەجۆری بۆکراوە.

خودی زاراوەکە لای عەرەبەکان جگە لە (الطباق) ووشەی تریشی بۆبەکارهێنراوە، کە هەمان واتا دەبەخشێت وەکو (المطابقه) و (التطبیق) و (التضاد) و (التکافؤ).

واتای دژیەک لە (هەنبانە بۆرینە)دا بەم شێوەیە دیاریکراوە، دژیەک لە دوو بەش پێک هاتووە: دژ + یەک

دژ: پێچەوانە

یەک: بێ فەرق و جودابێت ( موکریانی، ١٣٨١ هە تاوی : ٣)

لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا چەندین لێکدانەوەی هەمەجۆر بۆ دیاردەی دژواتایی کراون وەک:

**دژیەک**: بریتییە لە (کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ یان دوو واتای پێچەوانە لە ڕستەدا). (وەهبە ، ١٩٧٩: ١٣٠).

## وەک زاراوەیەکی ڕەوانبێژی:

دژ یەک وەک زاراوەیەکی ڕەوانبێژی بریتییە لە (کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ لە ئاخاوتن یان دێرە شیعر) (مطلوب ، ٢٠٠٠ : ٤٣٨)

سەرچاوە زمانەوانی و ڕەخنەیی و ئەدەبیتناسییەکانیش دژیەکیان بەم جۆرە پێناسەکردووە:

**١-دژیەک:** بریتییە لە (کۆکردنەوە لە نێوان شتێک و دژەکەی لە دەربڕیندا)

(هاشمی ، ٢٠٠٩: ٢٢٠)

**٢ -دژیەک:** واتە: ڕێک کەوتن، هەروەها (فراهیدی) دەڵێت:((دژ بوونی دووشتە کە کۆیان دەکەیەوە لە نموونەیەکدا)) (مطلوب ، ٢٠٠٠ : ٤٣٨)

**٣ -دژیەک:** بریتییە لە (کۆکردنەوەی نێوان واتا و دژەکەی لە وشەکاندا ، پەخشان بێت یان شیعر). (ابو العدوس ، ٢٠٠٧: ٢٤٤)

**٤ -دژیەک:** بریتییە لە (بوونی دوو وشەی واتا دژ و پێچەوانەی یەک، جا ئەم وشانە لە فەرهەنگدا سەربەخۆییان هەبێت، یانیش دووەمیان نەرێی یەکەم بێت، گرینگیش نییە دوو وشەکان دوو ناو ، یان دوو فەرمان یان دوو ڕاناو یان دوو چاوگ ، یان دوو ئاوەڵناو و یان دوو هەرچییەک بن، لە یەک جۆر دابن یان لە دوو جۆری لێکجیادا بن) ( عەبدوڵڵا ، ٢٠١١: ٢٩٤)

هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە ئەگەرچی لە داڕشتندا لێک جیاوازن، بەڵام لە واتا و ناوەڕۆکدا هەمان مەبەست دەگەیێنن و خاوەن تیڕوانینێکی هاوبەشن.

## جۆرەکانی دژیەک

ڕەوانبێژیناس و زمانەوانەکان لەسەر چەند بنەمایەک چەندین جۆری دژیەکیان دیاریکردوون:

**١ -دژیەکی فەرهەنگی:** ئەم جۆرە دژیەکە وەک لە سەرچاوەکان ناسێنراوە (ڕێککەوتنە لە نێوان دژەکان، کە سالب و موجەبن). (ابو العدوس ، ٢٠٠٧: ٢٤٤)

(نالی) لە چەندین دێرە شیعرییدا ئەم جۆرە دژیەکەی وەک هونەرێکی جوانکاری بەکارهێناوە وەک:

**خاکی بەری پێت هەم گڵ و، هەم گوڵ بە سوروشکم**

**وەقتی غەم و شـــــــادی ئەوە کردومە بە سەردا    ل: ٧٩**

هەردوو وشەی (غەم و شادی) دژیەکی فەرهەنگین.

**((نالی)) کە غولامی مەدەدی زوڵف وبرۆتە**

**شاهێکە لە بن سایەیی باڵی دو هومادا    ل: ٨٦**

هەردوو وشەی (غولام و شاه) دژیەکی فەرهەنگین.

**غەریب و بێ کەس و زار و فەقیری خانەدانی تۆ**

**جگەر سوتاو ماڵ وێرانی زوڵفی چینتە، بازا   ل: ٩٦**

هەردوو وشەی (فەقیر و خانەدان) دژیەکی فەرهەنگین .

**لەومەی زەمان دەکەی کە بۆچ خوارییی ڕاستیی دەوێ**

**غافڵی دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا   ل: ٩٩**

هەردوو وشەی (ڕاست و چەپ) دژیەکی فەرهەنگین.

**فەرقی کوروکچ رۆشن، وەک فەرقی مەە ومیهرە**

**ئەم فەرقی شەو رۆژە وەک فەرقە کور تا کچ      ل: ١٥٧**

وشەکانی (کوڕ و کچ ، شەو و ڕۆژ) دژیەکی فەرهەنگین.

٢ -**دژیەکی نافەرهەنگی:** ئەم جۆرەی دژیەکیش بەوە ناسێنراوە، کە ( کۆکردنەوەی دوو کردار سەر بەیەک سەرچاوە، یەکێکیان ئەرێیە، ئەوەی تریان نەرێیە). (الهاشمی ، ٢٠٠٩: ٣٦٧)

واتا دوو وشە دژەکە (لە یەک کردار هاتوون یەکێکیان ئەرێیە و ئەوەی تریان نەرێیە) (ابو العدوس ، ٢٠٠٧: ٢٤٤).

**فوتووری چـــــــــــــــاوەکانت نانوێنێ**

**بە ((ناڵی))فیتنە بەس بنوێنە، قوربان  ل: ٣١٦**

هەردوو وشەی (نانوێنێ و بنوێنە) دژیەکی نافەرهەنگین.

**سەفەرمان چونکە رێی هات ونەهاتە**

**دوعامان بۆ بکەن، ئێوەو خوداتان  ل: ٣١٩**

هەردوو وشەی (هات و نەهات) دژیەکی نافەرهەنگین.

**لە سەر بەرگی  گولێکی باغی حوسنت**

**هەزار، گولچینی  بێ بەرگ و نەواچین  ل: ٣٤٧**

هەردو وشەی (بەرگی و بێ بەرگ) دژیەکی نافەرهەنگین.

**خادیمی مەخدومییە، ماقولێ ناماقوڵییە**

**لەم دەردە ئاێەف سولەیمانە، سولەیمانە ئاصەفە    ل: ٤٥٣**

هەردوو وشەی (ماقوڵی و ناماقوڵ) دژیەکی نافەرهەنگین.

٣-**دژیەکی شاراوە - ناوەکی (معنوی الظمنی):** (ئەوەیە، کە بە وشە دژی وشە نییە لە واتا بەڵکو واتاکانیان بە دژ یەک دێن بە گوێرەی شوێنی هاتنیان لە ئاخاوتندا). (ابو العدوس ، ٢٠٠٧ : ٢٤٤)

یان دژیەکی مەعنەوی: (بریتییە لە کۆکردنەوەی شتێک و دژەکەی لە مانا نەک لە زاراوەدا).(مطلوب ، ٢٠٠٠: ٥٢٢). بۆ نموونە:

**عاشق هەوسی مەیکەدەو و عیلمی بە سیطە**

**عاقڵ طە لەبی مەدرەسەو وجە هلی مورە ککەب  ل: ١٣٥**

هەردوو وشەی (مەیکەدە و مەدرەسە) دژیەکی مەعنەوین.

مەیکەدە : واتا مەیخانە، کە شوێنی ڕابواردنە.

مەدرەسە: واتا قوتابخانە: کە شوێنی تێکۆشانە.

**بەصورەت:چەلوەتی،غەرقی عەلایق هەر وەکو خەلقێ**

**بە مەعنا:خەلوەتی، مەستی موناجات و موجەررەد بێ  ل: ٦٣١**

هەردوو وشەی (مەعنا و ێورەت) دژیەکی مەعنەوین.

مەعنا: بە واتای واتا دێت، شتێکی شاراوەیە.

ێورەت: بە واتای دیمەن دێت، شتێکی دیارە هەموو کەس دەیبینێت.

**بەزمی هوزارە، قەل فری ئەغیارە، دەوری گوڵ**

**ێوفی برۆ، مەبە بە درک، تۆ لە ئێمە نیی.... ل: ٦٦٤**

هەردوو وشەی (گوڵ و دڕک) دژیەکی مەعنەوین.

گوڵ: بە واتای جوانی و نەرم و نیانی دێت.

دڕک: بە واتای ناشیرین و ڕەقی دێت.

**دەستم کە بە صەد وەعدە لە ێەد جێگە شکاوە**

**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ  ل: ٣٨٥**

هەردوو وشەی (جەبر و کەسرە) دژیەکی مەعنەوین لە سیفەتی کۆکردنەوە و جیابوونەوە.

٤ -**دژیەکی چەندی:** لەم جۆرە دژیەکەدا وشەکان لە فەرهەنگدا دژ یەک نین، بەڵام کاتێک لە دێرە شیعرەکەدا بەیەکەوە دێن تەنیا لە سیفەتێکدا دژ یەکن و لێک جیان وەکو (قەترە و بەحر).

**ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران**

**ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەک و قەطرە هەزار  ل: ١٧٣**

دژیەکی چەندی لە نێوان (یەک و هەزار) هەیە کە لە سیفەتی (گەورە و بچوکی، زۆری و کەمی) دا دژیەکن.

**لەحەسرەت سەروی قەددت چاوی ((نالی))**

**دو جۆگە، بەلکو دو روبارە بێ تۆ   ل: ٣٨٤**

دژیەکی چەندی لە نێوان (جۆگە و ڕووبار) هەیە کە لە سیفەتی گەورە و بچووکیدا دژیەکن.

**رۆژی تەرزە چەندە مینای دڵ شکێنە و سەرشکێن**

**رۆژی باران چەن شرە و بێ عیصمەتە و ئابرۆ تکاو   ل: ٣٦١**

هەردوو وشەی (تەرزە و باران) دژیەکی چەندین لە سیفەتی نەرمی و ڕەقی.

**چ مەککە؟دار و بەردی قاعیدەی ئەرکانی ئیسلامە**

**چ طە یبە؟ ماء و خاکی مائیدەی ئەنواری ئیمانە  ل: ٤٨٥**

هەردوو وشەی (ماء و خاک) دژیەکی چەندین لە سیفەتی تەڕ و وشکی.

## دژیەک و پەیوەندییە واتاییەکان

مەبەست هەموو ئەو پەیوەندییانەیە، کە دژیەک لەگەڵ کەرەستەکانی تری ناو ڕستە پێکیان دێنێت؛ چونکە لە (دەرکەوتنی ووشە لە هەر ڕستەیەکدا دەبێت دوو جۆرە پەیوەندی ڕەچاو بکرێت)(دزەیی ، ٢٠١١: ١٣٧)و ئەو پەیوەندییە واتاییانەش بەسەر پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستوونی دابەش دەبن، کە لە شیعردا جێگەیەکی کاریگەر و دیارییان هەیە و بریتیین لە:

### ١ -پەیوەندی ستوونی(جێنشینی) Paradigmatic

ئەم جۆرە پەیوەندییە پەیوەندییەکی ئاشکراو دیار نییە لە ڕستەدا، بەڵکو پەیوەندی بە بیر و هۆشەوە هەیە ئەمەش (بریتییە لە پەیوەندی فەرهەنگی (مۆرفۆلۆجی) نێوان وشەکان و گۆڕینی وشەیەک بە وشەیەکی تر لە هەمان ژینگەدا لەسەر باری ستوونی بێ ئەوەی کار لە ڕستە بکات و واتایەکەی بشێوێنێ واتە: چ وشەیەک دەکرێ لە شوێنی بکەر ، یان کار، یان هەر بەشێکی تری ڕستە دەرکەوێت. (حسێن ، ١٩٩٨ : ٣٤) ئەم جۆرە پەیوەندییە

چەندین جۆر پەیوەندی دەگرێتەوە وەکو (داپۆشین (گرتنەوە) و جیاوازی ، دژواتایی ، پێچەوانەیی ، هاوواتایی). لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی شیعرەکانی (نالی) دایە؛ بۆیە لەم سۆنگەیەی کە دژیەک ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە دروست بوونی پەیوەندی ستوونی لە شیعرەکانی ناوبراودا، بە نموونەی شیعریی جۆرەکانی ئەم پەیوەندییە دەخەینە ڕوو:

**١-داپۆشین(گرتنەوە)**

داپۆشین یان گرتنەوە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە پێکهێنانی پەیوەندی ستوونی و (لاینس) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ((بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان دوو وشەدا هەیە بە شێوەیەک کە واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت، کە بتوانێت واتای وشەکەی تریش بگرێتەوە)). (صفوی ، ٢٠٠٦: ١٦)

یان دەتوانین بڵێین (پەیوەندییەک کە تێدا وشەیەک (وشەی گشتی) دەبێ و چەند وشەیەکی تر لە ڕووی واتاوە دادەپۆشیێ)( حوسێن ، ٢٠٠٩: ٤٦ )

پەیوەندی گرتنەوە لە چەند دێرە شیعرێکی نالیدا بوونی هەیە وەک:

**مەیلێ بکە لە سەبزە درەختانی مەدرەسە**

**ئەوراقیان موقەددیمەیی شینە یا نە سور ل: ١٩١**

هەردوو وشەی (شین و سوور) دژ یەکن.

شین : واتای خەفەتباری دەگەیێنێت.

سوور: واتای شایی و خۆشی دەگەیێنێت.

هەردووکیان یەک وشەی گشتی دایان دەپۆشێت کە (ڕەنگ)ە واتە: سەر بە کێلگەی واتایی ڕەنگن و کێڵگە واتاییەکان (کۆمەڵە وشەیەکی نزیک یەکدین، لە ڕووی ماناوە، کە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، تیۆری کێلگە واتاتییەکانیش گرینگی بە ئاوێتە کردنی یەکە فەرهەنگییە هاوبەشەکان دەدات، لە پێکهاتە واتاییەکانی یەک کێڵگەی واتاییدا)
(ناوخۆش ، ٢٠١٠: ٣٧)

**سەردو گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پوش**

**پایزی، رۆ بۆ بە بوردی سورو زەردی موختە لەگ     ل: ٢٤٤**

هەردوو وشەی (سەوز و زەرد ) دژ یەکن .

سەوز: واتای ژیانەوە  و نوێبوونەوە دەگەیەنێت وەک بەهار .

زەرد: واتای بەرەو نەمان و لەناوچوون دەگەیێنێت وەک پاییز.

هەردووکیان سەر بە کێلگەی واتایی (ڕەنگن).

**عاجیزی شوکری تەمامی نیعەمم سەر تا پا**

**کە نەڕیش بەلم و نە کۆسە ونە کەل وگۆج و شەلم   ل: ٢٩٢**

هەردوو وشەی (سەرو پا )دژ یەکن و سەر بە کێڵگەی ئەندامەکانی مرۆڤن.

**لە بن خاکی مە غاکی ئاتەشینی، لەعلی لەب توشە**

**لەسەر ئابی سەرابی، سەروی سێرابی موغەیلانە        ل: ٤٩٢**

دژ یەک لە نێوان هەردوو وشەی (لەبن و لەسەر) هەیە هەردووکیان سەر بە کێڵگە واتاییەکانی شوێنن.

**فەرقی کوروکچ رۆشن، وەک فەرقی مەە ومیهرە**

**ئەم فەرقی شەو رۆژە وەک فەرقە لە کور تا کچ     ل: ١٥٧**

دژیەک لە نێوان (مەهو میهرە)دا هەیە.

مەە: مانگ لە شەودا بە دیاردەکەوێت.

میهر: خۆر لە ڕۆژ بە دیاردەکەوێت.

هەردووکیان سەر بە کێلگەی هەسارەکانن.

**٢ -هاوواتا**

هاوواتا یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی ئاستی ستوونی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە لەوانە:

- **(د. ئاوڕەحمانی حاجی مارف)** دەڵێت: ((بەو وشانە دەڵێن، کە یەک مانا دەبەخشن، یاخود مانایان لێک نزیکە، بەڵام لە وتن و خوێندنەوە و نووسیندا جیاوازن) (حاجی مارف ، ٢٠٠٤: ٤٠٢)

- **(د. محمد معروف فتاح)** بە دوو شێوەی جیاواز پێناسەی هاوواتا دەکات و دەڵێت: (دوو وشە یان زیاتر کە یەک واتا ببەخشن) یان (دوو وشە یان زیاتر کە نەک هەر واتایان وەک یەک بێت بەڵکو لە بریتی یەکتریش بێن لە وتندا) (فتاح ، ٢٠١١ : ١٦٧)

زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن، کە هاوواتای تەواو لە زماندا نییە ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە.

**سەرچاوەکانی دروست بوونی هاوواتاش بریتین لە:**

١- لە ئەنجامی بوونی دوو دیالێکتی جیاواز لە زمانێکدا

خەیار= ئاروو ، بیبەر= دەلوجە ، وازی= گەمە ، یاری

٢- بوونی وشەی بێگانە لە زمانەکەدا لە تەک ووشە خۆماڵییەکە وەکو بێ ڕەوشت= بێ ئەخلاق

٣- هەندێ وشە هاوواتان بەڵام یەکێکیان لە چەند فرێزێکدا بەو واتایە دێت وەکو خۆی شاردەوە= خۆی مەلاس دا ، بەڵام کتێبەکەی شاردەوە ناتوانین بڵێین کتێبەکەی مەلاس داوە؛ چونکە ئەمە ناگونجێ. (فتاح ، ٢٠١١ : ١٦٨)

٤- هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ بوونی دوو شێوازی جیاواز وەکو جەناب/بەڕێز (فتاح ، ٢٠١١: ١٦٨)

پەیوەندی هاوواتا لە چەند دێرە شیعرێکی (نالی) بەرچاو دەکەوێت وەک :

**ئەو غاری یارە ئیستە پڕ ئەغیارە، یا نەخۆ**

**هەر غاری یارە، یا بووەتە غاری مار و مور    ل: ١٩٥**

هەردوو وشەی (یارو ئەغیار )دژیەکن .

یار : هاوواتای وشەکانی (ڕەفیق، دولبەر، مەعشوقە، هاودەم)ە .

ئەغیار : هاوواتای وشەکانی (نەناس، بیانی ، غەریبە ، بێگانە)یە.

**دەلیلی ڕۆشنە بۆ بەدء  و عەود و کورتیی عومر**

**تەنی هیلال کە بە طلعەت جوان و بە غەلعەت پیر ل: ٢٠٩**

هەردوو وشەی (جوان و پیر) دژیەکن.

جوان: هاوواتای وشەکانی (شۆخ، شەنگ، قەشەنگ، نەشمیل، خوێن شیرین، قۆز، جان، شیرین)ە.

پیر: هاوواتای وشەکانی (بەساڵداچوون، ڕیش سپی، ئیختیار)ە.

**یا گەداییکە غەنی، یا پـــــــــــــــادشاهێکە فەقیر**

**لەم دووە خاڵی نییە ((نالی))لە ڕوی حەددی وەسەط    ل: ٢٤٧**

هەردوو وشەی (غەنی و فەقیر) دژیەکن .

غەنی : هاوواتای وشەکانی (دەوڵەمەند، دەستپڕ، پوولدار، پارەدار، خاوەن پارەو پول ، ساماندار، هەبوو ، زەنگین) دێت.

فەقیر: هاوواتای وشەکانی (نەدار، بێ دەرامەت، کەم دەرامەت، هەژار، نەبوون) دێت.

**لە (دارالعلم)ی  تەحێیلی مە عاریف**

**وەکو((نالی))جەهول بێ خەبەر مام   ل: ٢٦٤**

هەردوو وشەی (مەعاریف و جەهول )دژیەکن.

مەعاریف هاوواتای وشەی (زانا، ئاگادار، وەئاگا، پێ زان، خەبەردار)دێت.

جەهول: هاوواتی وشەی (نەفام، بێ ئاگا، دوورە زانست، تێ نەگەیشتوو، جاهیل، بێ ئاوەز)دێت.

**شادمانی بێ وەفایە، یاری تێری و مەستییە**

**یاری تەنگانەم غەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم ل: ٣٠٤**

هەردوو وشەی (شادومان و غەم) دژیەکن.

شادومان هاوواتای وشەکانی (شادی، دڵخۆش، شادانی، کەیف خۆشی)یە.

غەم هاوواتای وشەکانی (خەفەت، کەسەر، کول، مەینەت، جغار)ە.

**٣- جیاوازی**

یەکێکی ترە لەو پەیوەندییانەی لە نێو وشەکانی ڕستەدا بەدی دەکرێت لە ئاستی ستوونی((ئەم پەیوەندییە بە بەراوردکردنی هەندێ وشەی وەک نێر و مێ دا دەردەکەوێت، کە ڕەتکردنەوەی یەکێکیان پەسند کردنی ئەوەی تریانە، هەروەها بە پێچەوانەوە). (فتاح ، ٢٠١١: ١٦٩)

ئەم جۆرە پەیوەندییە پلە نییە لە نێوانیاندا هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن بۆ نموونە: هەردوو وشەی باکوور و باشوور کە پلە نییە لە نێوانیاندا هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن.

جیاوازیش یەکێکە لەو پەیوەندییانەی کە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە دروست بوونی دژیەک لە نێو شیعرەکانی (نالی). چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

**چاوی هەم ڕەنگی گوڵی، مەستی شەوو ڕۆژن مەدام**

**یەک لە نەشگوفتەی بەنەفشە، یەک لە نەیلۆفەر دەکا ل: ١٠٩**

هەردوو (وشەی شەو ڕۆژ) دژیەکن، پەیوەندی جیاوازیش لە نێوان هەردوو وشە کەدا هەیە و هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن.

**یا توربەتێ، یا غوربەتێ یا ڕێ بشکێنین**

**هەر مونتە ڤیرە ((نالی)) ئەگەر مردو ئەگەر ما ل: ١٢١**

هەردوو وشەی (مردو ما) دژیەکن و پەیوەندی جیاوازیش لە نێوان هەردوو وشەی مرد و ما هەیە وە هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن.

مرد: بە واتای مردن دێت.

ما: بە واتای مان دێت.

**مەحوی قەبۆلی  خاطری عاطر شە میمتە**

**گەردی شیمال وگێژی جەنوب وکزەی دەبور   ل: ١٧٧**

هەردوو وشەی (شیمال و جەنوب) دژیەکن، پەیوەندی جیاوازیش لە نێوان هەردوو وشەکەدا هەیە و هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن.

شیمال: بە واتای باکور دێت.

جەنوب: بە واتای باشوور دێت.

**زولفانی سییەە ماری بە ئازاری دڵی زار**

**گاهێ لە یەسارن، بە جەفا، گەه لە یەمیین   ل: ٣٣٩**

هەردوو (یەسارن و یەمیین) دژیەکن، پەیوەندی جیاوازیش لە نێوان هەردوو وشەکەدا هەیە و هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن.

**عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر**

**بە روی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و رۆژ، گـــەرچی بێدارم    ل: ٢٧٢**

هەردوو وشەی (شەو رۆژ) دژیەکن، پەیوەندی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان جەمسەرێک دەگرن.

**٤- پێچەوانەیی**

جۆرێکی تره له پەیوەندییەکانی ئاستی ستوونی، ئەم جۆره پەیوەندییه (هەندێ زمانەوان دژواتای تەواوکەریشی پێ دەڵێن، ئەم پەیوەندییەش به زۆری له کارەکاندا بەدێ دەکرێت) (معین ، ٢٠٠٥: ٢٤)، بۆ نموونه :

**من دەلێم شەو بو به رۆژ، نەفسم دەڵێ رۆژ بو به شەو**

**ئەو موصیبه، چونکه چاوی پێ سپی بو، من غه لەط ل: ٢٤٣**

دژیەک له نێوان هەردوو وشەی( شەو و ڕۆژ) هەیه، پەیوەندی پێچەوانەییش له نێوان(شه و بوو به ڕۆژ)و(ڕۆژ بوو به شەو)هەیه.

**حەرەکاتم سەکەنات، سەکەناتم حەرەکات**

**چوسته، سستی قەوییه ظیعف و سەریعه کەسەلم ل: ٢٩٠**

دژیەک له نێوان هەردوو وشەی (حەرەکات وسەکەنات) هەیه، پەیوەندی پێچەوانەییش له نێوان(حەرەکاتم سەکەنات)و(سەکاناتم حەرەکات)هەیه.

**کەعبه ئیشراقی وەکو خورشیده، من چاوم ضەعیف**

**لێم بووه رۆشن که بوعدی قوربه، قوربی بوعده بۆم ل: ٣٠١**

دژیەک له نێوان هەردوو وشەی (قورب وبوعده )هەیه، پەیوەندی پێچەوانەییش له نێوان(بوعدی قوربه)و(قوربی بوعده)هەیه.

قورب: به واتای نزیکی دێت.

بوعد: به واتای دووری دێت.

**کاسەوو کەوچک، حەسیر و بەر لەئاودا هەر وەکو**

**کیسەڵ و ماسی و جله دێن و دەچن پرژ و بڵاو ل: ٣٦٢**

دژیەک لە نێوان هەردوو وشەی (دێن ودەچن )هەیە، پەیوەندی پێچەوانەییش لە نێوانیاندا هەیە.

**دەس بەندیانە دێن ودەچن سەرو نارەوەن**

**صاحێب کولاە وسایە و بەرگن وەکو مولوک ل: ٢٥٧**

دژیەک لە نێوان هەردوو وشەی (دێن و دەچن )دا هەیە، پەیوەندی پێچەوانەییش لە نێوان دێن و دەچندا هەیە.

**٥- دژواتایی**

جۆرێکی ترە لەو پەیوەندییانەی لە نێوان وشەکانی ڕستەدا هەیە لە ئاستی ستوونیدا (ئەم پەیوەندییە بە بەراوردکردنی وشەی خراپ و چاک و گەورە و بچووک و دەیان وشەی تردا دەردەکەوێت، پەیوەندی دژواتایی بەوە لە جیاوازی جیا دەبێتەوە کە پلەدارە مەبەست لە پلەداری ئەوەیە ، کە دوو وشەکە بەراورد دەکرێن) (فتاح ، ٢٠١١: ١٦٩)

**((نالًی))یو سینەیی بێ کینەیی چاکم، ئەمما**

**چاکی دامەن تەرم و وشکە سەرابی عەمەلم ل: ٢٩٢**

هەردوو وشەی (تەرو وشک) دژیەکن و پەیوەندی دژواتاش لە نێوانیاندا هەیە، پلە داریش دەکرێن.

**شەربەتی خەوف و رەجای ئەغیار ویار**

**ترش و شیرین هەم دەچێژم، هەم دەخۆم ل: ٢٩٧**

هەردوو وشەی (ترش و شیرین) دژیەکن و پەیوەندی دژواتاش لە نێوانیاندا هەیە، پلە داریش دەکرێن.

**طەلەبی سینەیی چاکم مەکە بەو چاوانە**

**سینەکەم چاکە بە ئینسانی خەرابی نادەم ل: ٣٠٧**

هەردوو وشەی (چاک وخەراپ) دژیەکن و پەیوەندی دژواتاش لە نێوانیاندا هەیە، پلە داریش دەکرێن.

**دەرونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ**

**دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ ل: ٣٧٩**

هەردوو وشەی (گەرم وسەرد) دژیەکن و پەیوەندی دژواتاش لە نێوانیاندا هەیە ، پلە داریش دەکرێن.

## ٢ -پەیوەندی ئاسۆیی(هاونشینی)Syntagmatic

ئەم پەیوەندییە بریتییە((لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە چوارچێوەی ڕستەدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی))( علی ، ١٩٩٨: ٣٣)؛ واتە: لەم پەیوەندییەدا واتا گرنگە و بە جۆرێک وشەکانی ڕستە کاتێک دەخرێنە پاڵ یەک دەبێت جۆرێک لە ڕێککەوتنی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت. زمانەوانان هەر لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییەش ئاماژەیان بە دوو جۆر ڕستە کردووە (حوسێن ، ٢٠٠٩: ٤٩)

١-**ڕستەی سیمانتیکی ئاسایی**: ئەو ڕستانەی لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە پەسەندن، وەک: **هێرۆ چیرۆکەکەی خوێندەوە.**

ڕستەکە لە ڕووی یاسای ڕێزمانی و واتاوە هیچ گرفتێکی نییە و واتای تەواو دەدات.

٢-**ڕستەی سیمانتیکی نائاسایی*** **:**ئەو ڕستانەن، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواون و لە ڕووی واتاوە ناتەواون، واتە: لە گرێدان و پێکبەستنەوەی وشەکان پەیوەندی واتایی پشت گوێ خراوە و تەنیا یاسای ڕێزمانی لەبەرچاوگیراوە، هۆکاری سەرەکی ڕوودانی ئەمەش دەستکاریکردنی کەرەستەکانی ڕستە و لادانە لە ڕیزبەندی وەک: پاش و پێش کردن و تێکدانی ڕۆنانی ڕستە. بۆ نموونە:

**پیاوەکە شێرەکەی خوارد.**

ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواوە، بەڵام هیچ جۆرە ڕێککەوتن و گونجاندنێکی واتایی لە نێوان بکەر و بەرکاری ڕستەکەدا نییە و لە ڕووی واتاوە لەگەڵ یەکتردا ناگونجێن.

زمانی شیعری خاوەن سیما و تایبەتمەندی خۆیەتی و ئەوەی جیای دەکاتەوە لە ئاخاوتنی ئاسایی ئەو لادانانەن، کە شاعیر لە ڕێگەی تێکشکاندن و دەستکاریکردنی ئەو پەیوەندییانەوە ئەنجامیان دەدات؛ (جان کۆهین)یش هەر لەم سۆنگەیەوە گوتوویەتی: ((هیچ شیعرێک نییە خاڵی بێت لە لادان))( کوهین ، ١٩٨٦ : ١٩٢). شیعرییەتی دەقی ئەدەبییش بەرهەمی لادانەکانە لە هەردوو ئاستدا؛ بۆیە دەبینین (یاکۆبسن) لە تیۆری شیعرییەتەکەیدا جەخت لەسەر پەیوەندی ئاسۆیی و هاونشینبوونی کەرەستەکانی ناو ڕستە دەکاتەوە (یاکوبسن ، ١٩٨٨: ٢٥).

کاتێک لە شیعرەکانی( نالی) ورد دەبینەوە دەبینین، کە لادان و دەستکاریکردنی پەیوەندی ئاسۆیی نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستە یەکێکە لە میکانزمەکانی دروستبوونی شیعرییەت. دژیەکیش، کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەمانە لە چەندین دێرە شیعردا بەم شێوازە دەرکەوتووە، شاعیر لە ڕێگەی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی وشە دژیەکەکان توانیویەتی جۆرێک لە داهێنان و جیاوازی لە زمانی گشتی بخولقێنێت. بۆ نموونە :

**ئەستێرە هەمووی مەحوە لە نێو نوری قەمەردا،**

**یا شەمسی جەمالــــــــت شەوی گێراوە بە فەردا؟ ل: ٧٩**

ڕستە شیعرییەکە ڕستەیەکی لێکدراوە و لە دوو ڕستە پێکهاتووە، لە ئاستی ئاسۆیی دا ڕستەی دووەم (یا شەمسی جەمالــــــــت شەوی گێراوە بە فەردا؟) ؛ دژیەک لە نێوان شەو و خۆردا هەیە، لە ڕووی لۆژیکەوە واتاکەی ناتەواوە پەیوەندی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکان تێکشکێنراوە .

**سوروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دێ:**

**بە گەرمی داوەرێ بەم طە رزە تەرزە؟ ل: ٤٤٨**

دژیەک لە نێوان ئاو و ئاگر و گەرمی و تەرزە کە ساردە هەیە، ئەمەش وای کردووە ڕستەیەکی سیمانتیکی نائاسایی دروست بێت؛ چونکە ناکرێت فرمێسک ئاویش بێت ئاگریش بێت یان گەرم بێت و وەک تەرزەش ساردبێت لەیەک کاتدا .

---

*ڕستەی شیعری دەکرێت هەردوو لادانەکەی تێدابێت، واتا شاعیر لەڕووی ڕێزمانی و واتاییەوە، دەستکاری پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانی ڕستەکەدا بکات، بەڵام ئێمە تەنیا لە ڕوانگەی توێژینەوەکەمان و تەنیا لە ڕووی واتاوە باس لە بابەتەکە دەکەین.

**ئەلا ئەی ئاسکی ناسک، بە بـــــاسک**

**شکاندت گەردنی صەد شێری شەرزە! ل: ٤٤٩**

دژیەک بنەمای دروستبوونی نائاسایی  واتای ڕستەکەیە؛ چونکە لە ئاستی ئاسۆییدا ڕێککەوتن لە نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەکەدا نییە و ئاسک ناتوانێت گەردنی شێر بشکێنێت.

**یا توربەتێ، یـا غوربەتێ بـــــــــارێ بشکێنین**

**هەر مونتەظیرە "نالی" ئەگەر مرد و ئەگەر ما  ل: ١٢١**

نائاسایی واتایی لە ئاستی ئاسۆیی ڕستەی دووەمی دێرە شیعرەکە دایە، چونکە مرۆڤ گەر مرد هیچ پەیوەندییەکی بە کەسانی سەر زەوییەوە نامێنێت، بەڵام شاعیر دەڵێت ئەگەر بشمرم هەر چاوەڕێم.

# بەشی دووەم

# دژیەک وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی لە شیعرەکانی (نالی)دا

هەموو ئەو جۆرە دژیەکانەی لە شیعرەکانی (نالی)دا بەکارهاتوون، وەک هونەرێکی ڕەوانبێژی گرنگ بەشدارییەکی بەرچاوییان کردووە لە دروستکردنی شیعرییەت و بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بەرز بە شیعرەکانی شاعیر؛ بۆیە لەم بەشەدا باس لە بەشداری ڕۆڵی دژیەک دەکەین لە چەند بونیاتنێکی سەرەکی و گرنگی دەقی شیعرییدا کە بریتیین لە:

**١ -بونیاتی مۆسیقا :**

بونیاتی مۆسیقا یەکێکە لە بونیاتە هەرە دیارەکانی شیعری کوردی و شیعری کلاسیکی بە تایبەتی، شاعیرانی سەر بەم ڕەوتە توانیویانە چەندین تەکنیک و هونەری جۆراوجۆری زمانی لە پێناو بونیاتنانی بنەمایەکی مۆسیقی پتە و بۆ شیعرەکانییان پەیڕەو بکەن؛ چونکە ڕیتم و مۆسیقا هەموو ڕەگەزە هونەرییە شیعرییەکان لە پێکهاتە و خەیاڵ و وێنە و دەنگ و واتا دەگرێتەوە و جۆرە پەیوەندییەکی تێکچڕژاو لە نێوان هەموو ئەو لایەنانە دروست دەکات و دال بە مەدلول و ڕوخسار بە ناوەرۆک دەبەستێتەوە.( شاکر، ٢٠٠٧:٧).

هەروەک ئاشکرایە مۆسیقای گشتی شیعر دابەش دەبێت بۆ سەر مۆسیقای دەرەوە، کە خۆی لە (کێش و سەروا)دا دەبینێتەوە لەگەڵ ڕیتمی ناوەوە، کە ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک هونەر و تەکنیکی جۆراوجۆر بەرهەم دێت .

خوێنەر کاتێک گوزەر بەناو شیعرەکانی (نالی) دا دەکات، لە ئەنجامی ئەو بەکارهێنان بەرفراوانەی دژیەک لە چوارچێوەی دەقەکاندا درک بەو ڕاستییە دەکات، کە دژیەک داڕێژەرێکی سەرەکی بونیاتی ریتمی شیعرەکانییەتی؛ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش بە نموونە باس لە ڕۆڵی دژیەک دەکەین لە مۆسیقای دەرەوە و ناوەوە دا.

أ- مۆسیقای دەرەوە: کێش و سەروا ڕەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکانییەتی و زۆربەی جاریش بە مۆسیقای جێگیر ناودەبرێت؛ چونکە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی جێگیر و نەگۆڕن.( محمد ، ٢٠٠٧:٢٥).

سەرواش بریتییە ((لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی(کە هەندێ جار بە بڕگە و لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە) لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یا دێرە شیعر و هەندێ جار لە ناوەوەش دێ، هەروەکو دەشێ لە پەخشانیشدا هەبێ. بە تایبەتی لە کۆتایی فاسیلەکان، بە مەرجێ وشەکان بە هەمان مانا لە کۆتایی دووبارە نەبووبنەوە،)) (گەردی ، ١٩٩٩: ٢٦) .دژیەک لە شیعرەکانی (نالی)دا وەک وشەی سەروا لە چەند دێرە شیعرێکدا بوونی هەیە بۆتە هۆی ڕێکخستنی سەروای گشتی شیعرەکە بۆ نموونە:

**دڵ موضمە حیلی دەردە وەکو دیدە لە نمدا**

**حەیران و پەرێشانە وەکو قەترە لە یەمدا ل: ٩٤**

وشەکانی(نم: دڵۆپە و یەم: دەریا) دژیەکن و بوونەتە وشەی سەروا.

**بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام**

**بە زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمـــــــام ل: ٢٦١**

وشەکانی( گەرمام و سەرمام) دژیەکن و وشەی سەروای دێرە شیعرەکەشیان پێکهێناوە.

**دڵ سیاسەنگ نەبێ، مائیلی خــــــاکی وەتەنە**

**خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە ل: ٥٢٤**

وشەکانی (وەتەن و یەمەن) دژیەکیان دروستکردووە و وشەی سەرواشن؛ چونکە وەتەن واتا خاکی دایک، بەڵام یەمەن: واتا خاکی بێگانە .

**گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە**

**غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە ل: ٥٤٤**

وشەکانی سەروا لەم دێرە شیعرەدا بریتیین لە(کردووە، نەیکردووە)، کە دژیەکی نافەرهەنگین.

**ب- ڕیتمی ناوەوە:** ڕەگەز و بنەما پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە مۆسیقایە دیاریکراو نین و هەمە چەشنن؛ بۆیە بە ڕیتمی ناجێگیر و جووڵاو ناودەبرێت.( محمد ، ٢٠٠٧:٩٩)؛ چونکە جووڵە دەخاتە نێو چنینی ناوەوەی دەقە شیعرییەکە. وەک لە سەرچاوە تایبەتەکانی شێواز و شیعرییەت باسکراوە، دژیەک لە پاڵ هونەرەکانی تری(دووبارەکرنەوە، ڕەگەزدۆری،...هتد) یەکێکە لەو ڕەگەزە دیارانەی، کە بەشدارییەکی کارا و سەرەکی هەیە لە ڕیتمی ناوەوەی شیعردا؛ لەبەرئەوەی شیعرەکانی (نالی)یش خاوەن ڕیتمێکی پتەون و مۆسیقای ناوەوەیان بەهێز و کاریگەرە؛ بۆیە زۆر بە ڕوونی دژیەک بە بنەمایەکی بنەڕەتی دامەزراندنی ئەم ڕیتمە دادەنرێت لە شیعرەکانیدا و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە ئیستاتیکای مۆسیقای دەقە شیعرییەکانیدا، بۆ نموونە :

**ئاو لە چاوانم بەخوڕ دێ، ئاگری دڵ ناکوژێتەوە**

**وەک چەهەنئەم ئەم تەنوورە ئاوی تۆفانی دەوێ ل: ٧٠٢**

ئاو و ئاگر دژیەکن و ڕیتمی ناوەوەیان پتەوتر کردووە.

**نەضە رم پڕە لە نووری شەو و ڕۆژی تەلعەتی تۆ**

**کە بەڕوو شوعاعی شەمسی، بە برۆ خەمی هیلالی ل: ٦٦١**

وشەکانی(شەو و ڕۆژ) دژیەکن و بەشدارییان لە ڕیتمی ناوەوەدا کردووە.

**ڕێی حورمەت و بێ حورمەتی هەرگیز نەکوتابێ**

**چەند ئـــــــــــاوی ڕژابێت و، چ ئاوی نەڕژابێ ل: ٦٢٥**

وشەکانی(حورمەت، بێ حورمەت)، (ڕژابێت، نەڕژابێت) دژیەکی نافەرهەنگین و ڕەگەزێکی ڕیتمی ناوەوەشن.

**دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ**

**دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ**

**خەریکی شەش دەردی هات و نەهاتم**

**خەلاسیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ              ل: ٣٨٩**

وشەکانی (گەرم و سارد) دژیەکی فەرهەنگین و وشەکانی (هات و نەهات) دژیەکی نافەرهەنگین، ڕیتمی ناوەوەی دێرە شیعرەکانیان پێکهێناوە.

**٢ -بونیاتی وێنەی شیعری:**

وێنەی شیعری بونیاتێکی گرنگی نێو دەقی ئەدەبی و – شیعر- بە تایبەتییە. سادەترین و دیارترین پێناسەشی بریتییە: لە کێشانی وێنە بە وشە، کە ئەمەش بە چەندین شێوازی هەمەجۆر دەبێت؛ چونکە شاعیر بە پێی بەهرە و ئەو شێوازە تایبەتییەی هەیەتی گوزارشت لە وێنەکە دەکات.

وێنەی شیعری بە گشتی دابەشی سەر دوو شێوە دەبێت :

١-ئەو وێنانەی لە شێوەی وێنەی فۆتۆگرافی یان دیمەنێکی درامی دان و شاعیر بە وشە دەیانکێشێت، کە ئەمە بە وێنە ناڕوونبێژییەکان ناودەبرێن.

٢-ئەو وێنانەی، کە شاعیر لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕوونبێژی - لێکچواندن و خواستن – دەیانکێشێت، ئەم جۆرە وێنانەش بە وێنەی ڕوونبێژی ناودەبرێن.

ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی وێنە جۆراو جۆرن( زمان، ئەندێشە، واقیع، بیر، سۆز، نەست) (گەردی، ٢٠٠٤: ٩) هەموویان بەیەکەوە بەشداری لە دروستبوونیدا دەکەن .

( نالی) ئەم هونەرەی لە وێنە شیعرییەکانیدا بە پانتاییەکی فراوان بەکاریهێناوە و بە چەندین شێوازی جیاواز و هەمەجۆر لە وێنە شیعرییەکانیدا مەزراندوویەتی بۆ نموونە:

**بە ناری عیشق و ئاوی دڵ، جەسەد وەک حەزرەتی مووسا**

**تەریقی: بەحری فیرعەون و، ڕەفیقی: ئاتەشی توورە ل: ٤٠٧**

نار: ئاگر و ئاو دژیەکن و (نالی)لە وێنە شیعرییەکەدا بەکاریهێناون، وێنەکە لە بنەڕەتدا ڕوونبێژییە، وشە دژیەکەکان بوونەتە ڕووی لێکچواندن.

خەیاڵ هەوێنێکی سەرەکی وێنەی شیعرییە، شاعیر لە شێوازە هەمەجۆرەکانی کێشانی وێنەدا پشتی پێدەبەستێت؛ بۆیە خەیاڵی هونەری بەهرەیەکە، کە لە پڕ و دوور لە چاوەڕوانی دەردەکەوێت لەو دیمەن و خوێندنەوە و لێکدانەوانەی شاعیر ئەنجامیان دەدات.( ناصف، بدون تاریخ:١٢) بۆ نموونە :

**ئاسمانی حوسنی مەحبووبوم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو**

**دوو هیلال و دوو شـــــــەو و دوو ماهی تابانی هەیە        ل: ٥٧٤**

شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵەوە وێنەیەکی ڕوونبێژی لەسەر بنەمای لێکچواندن کێشاوە؛ چونکە ئاشکرایە کە دوو شەو هەرگیز بەیەکەوە نایەن، هەروەها مانگی تابان و مانگی هیلالیش لەیەک کاتدا دەرناکەون ئەمەش دەچێتە خانەی دژیەکی ناوەکی - شاراوە- ، بەڵام لەبەرئەوەی وشەکانی شەو و هیلال و تابانی بە واتا خواستراوەکە بەکارهێناون (شەو) لێ چووی زوڵفە و( هیلال) لێ چووی برۆ و (ماە) لێ چووی ڕوومەتە؛ بۆیە وێنەیەکی ڕوونبێژی لێ بەرهەم هاتووە.

**گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشەبهێ**

**بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکوت  ل: ١٥٣**

(نالی) لە ڕێگەی خەیاڵێکی فراوان، وێنەکەی کێشاوە؛ چونکە گریان و خەندە، کە دژیەکن بوونەتە دوو لێچوو لە وێنە لێکچواندنەکەدا .

**دائیم لە دوتە مێگەلی ژن،  نێرگەلی پیاو**

**بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بویی بەسەرگەلە     ل:٤٦٨**

لە وێنەکەدا وشە دژیەکەکانی مێگەلی ژن و نێرگەلی پیاو بوونیان هەیە.، شاعیر بە کۆکردنەوەی ئەم دوو دژیەکە کتوپڕی(موفاجەئە)ی بۆ خوێنەر دروستکردووە، کە ئەمەش یەکێکە لە جوانییەکانی دژیەک؛ کە بە کۆکردنەوەی دوو وشەی دژ و پێچەوانە واتایەکی نوێی چاوەڕواننەکراو و پێشکەش دەکات(عەبدوڵڵا ، ٢٠١١: ٣٠٠)، هەروەک دیارە وێنەکە بە تەواوی لەسەر بنەمای دژیەکێکی قووڵ دروست بووە .

**من وەکو ڕەعدم و تۆ وەگ گوڵ سەبزەی دیمەنی**

**من دەگـریێم و دەنــــــــــاڵێنم و تۆ پێدەکەنی   ل: ٦٦٩**

دیسان لەم وێنەیەشدا وشە دژیەکەکانی(دەگریێم و دەناڵێنم، پێدەکەنی) بەشدارییان لە وێنە شیعرییەکەدا کردووە؛ چونکە شاعیر سوودی لە وشە دژیەکەکان وەرگرتووە و بوونەتە ڕووی لێکچواندن.

**هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەی کەری هەوراز و لێژ**

**سینە پان و، مووچە کورت و، شانە بەرز و، گوێ درێژ  ل: ٢٢٤**

وێنەکە ناڕوونبێژییە و شاعیر لە کێشانی وێنەی کەرەکەی دژیەکی ئاڕاستەیی بەکارهێناون( هەوراز و لێژ)،(کورت و درێژ)، (پان و بەرز).

**لەو کێشە کێشەدایە کوا ڕەش ســــــپی دەبێ**

**لەو کێشە کێشەدایە کەوا ئەحمەر ئەسفەرە ل: ٤٤٥**

شاعیر کۆمەڵێک ڕەنگی دژیەکی لە وێنەیەکی شیعرییدا کۆکردوونەتەوە، (ڕەش و سپی))( ئەحمەر: سوور، ئەسفەر: زەرد)؛ چونکە هەروەک (ابن سنان) ئاماژەی پێکردووە، ئەو وێنەی ڕەنگی جیاواز و لێک دووری تێدا بەکاربێت، دیمەنەکە باشتر دەکات و وێنەکە دیارتر دەبێت.( گەردی ، ٢٠٠٤: ٣٧).

**دەروونم پڕ کـــەباب و دەردە بێ تۆ**

**دڵم گەرم و هەناسە م سەردە بێ تۆ**

**خەریکی شەش دەری هات و نـــەهاتم**

**خەلاصیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ   ل ٣٧٩**

(نالی) وێنەیەکی فۆتۆگرافی بارودۆخی جەستەیی و دەروونی خۆی کێشاوە و دژیەک بنەمایەکی سەرەکی وێنەکانە و وشەکانی(گەرم و سارد)، (هات و نەهات)، (شین و سوور و زەرد) دژیەکن.

# ئەنجـــــــام

ئەم توێژینەوە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێ بەرهەم هاتوون:

١- دژیەک بە هەموو جۆرەکانییەوە( فەرهەنگی، نافەرهەنگی، نائاشکرا، چەندی) لە شیعرەکانی نالیدا بوونیان هەیە.

٢- پەیوەندییە واتاییەکانی دژیەک  لە هەردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی دا لە شیعرەکانی نالیدا بەرچاو دەکەون.

٣- دژیەک بنەمایەکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە لە شیعرەکان نالیدا و بە هەردوو جۆری مۆسیقای دەرەوە و ڕیتمی ناوەوە.

٤- وێنە شیعرییەکانی نالی لە جۆری ڕوونبێژی و ناڕوونبێژی بە چەندین شێواز شێوەیەکی دژیەکییان تێیدا بەکارهاتووە .

# سەرچاوەکان

**١ -بە زمانی کوردی**


١- حاجی مارف، ئاوڕەحمان، ٢٠٠٤،.بەرهەمە زمانەوانییەکانم، ب.٢، سلێمانی .

٢- حەمدی و حاجی قادری کۆیی، د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا ،٢٠١١ لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی ، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٣- دزەیی ،عەبدولواحید موشیر،٢٠١١، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی ٢،چاپخانەی ماردین، هەولێر.

٤- ڕەشید ، صباح و د.هیمداد حوسێن ٢٠٠٩،هەندێ لایەنی زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ.١٠.

٥- سەفەوی ،کوروش،٢٠٠٦، چەند لایەنێکی واتاسازی ، و:دلێر سادق،چاپی١، چ. وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦- علی، طالب حسین، ١٩٩٨هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر.

٧- فەتاح ، محەمەد مەعروف،٢٠١١، زمانەوانی ، چاپی ٣، ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨- گەردی، سەردار ئەحمەد ،،٢٠٠٤بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠ – ١٩٩١) ، دەزگای سەردەم ،سلێمانی.

٩- گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەروا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لە شیعری کوردیدا، چ.١، دەزگای ئاراس، هەولێر .

١٠- معین ،سازان رضا، ٢٠٠٥واتا و دەوروبەر(لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە)، ، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەردەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر.

١١- مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتیح مەلا کەریم، محەمەدی مەلا کریم پێداچووەتەوە،١٩٧٦،دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاپی ٢، بەغدا.

١٢- موکریانی ،هەژار ١٣٨١ هەتاوی ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، ، چاپی سێیەم تەهران، سروش .

١٣- ناوخۆش، سەلام و نەریمان خۆشناو ، ٢٠١٠، زمانەوانی، ، بەرگی ٣،٢،١،
چ٢، چاپخانەی هەولێر.

**٢-بە زمانی عەرەبی:**

١- أبو العدوس، يوسف،٢٠٠٧، مدخل الى البلاغة العربية، ط.١، دار المسيرة، عمان،.

٢- قاسم، مقداد محمد شكر ،٢٠٠٧، البنية الايقاعية في الشعر الجواهري، ، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة صلاح الدين.

٣- كوهين، جان ،١٩٨٦بنية اللغة الشعرية، ، ترجمة: محمد الولى ومحمد العمرى، ط١، دار توبقال.

٤- مطلوب، أحمد، ٢٠٠٠، معجم المصطلحات البلاغة و تطورها، ط.٢، مكتبة لبنان، لبنان.

٥- ناصف، مصطفى، بدون تاريخ، الصورة الأدبية، ، دار الأندلس، بيروت – لبنان.

٦- الهاشمي، سيد أحمد، ٢٠٠٩، جواهير البلاغة في المعاني و البيان و البديع، ط.٤،دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان.

٧- وهبة ، مجدي ،١٩٧٩، معجم المصطلحات العربية في اللغة والأدب، مكتبة لبنان، لبنان.

٨- ياكوبسن، رومان ،١٩٨٨، قضايا الشعرية، ت: محمد الولي و مبارك حنون، ط١، دار توبقال للنشر، المغرب.

## ((پوختەی توێژینەوە))

ئەم توێژینەوە لە ژێر ناونیشانی (دژیەک لە شیعرەکانی نالی دا) ئەنجامدراوە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی دژیەک وەک میکانیزمێکی شیعرییەت و خستنەڕووی جۆرەکانی بە نموونەی شیعرەکانی (نالی)، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە واتاییە جۆراوجۆرانەی دژیەک هەیەتی، سەرەڕای ئەو ئەرکە ئیستاتیکییە گرنگانەی دژیەک هەیەتی لە شیعرەکانی شاعیردا.

توێژینەوەکە بە پێی پلانێکی زانستی دابەشی سەر دوو بەش کراوە: لە بەشی یەکەمدا چەمکی دژیەک و جۆرەکانی و پەیوەندییە واتاییەکانی خراونەتەڕوو، لە بەشی دووەمیشدا باس لە بەشداری دژیەک کراوە لە بونیاتنانی مۆسیقای شیعر و وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی (نالی)دا وەک دوو لایەنی شیعرییەتی شیعر.

دوابەدوای خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ئەو سەرچاوانە خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە، دواتریش پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەی پێکراوە.

## ((ئامانجی توێژینەوە))

لێکۆڵینەوە وخستەڕووی لایەنێکی گرنگی شیعرییەت لە شیعرەکانی نالی دا، بە هەموو ئەو جۆر و شێوازە جیاوازانەی شاعیر بەکاریهێناوە بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی.

## ((سوودی توێژینەوەکە))

سوودی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دژیەک پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانی شاعیر بەبەرخۆیدا بڕیوە، بەمەش بۆتە سەرچاوەی خولقاندنی چەند بنەمایەکی شیعرییەت و توێژینەوەکە لە ڕەهەندێکی زانستی جیاوازە بە ئەنجام گەیێنراوە و دەچێتە خانەی ڕەخنەی پراکتیکییەوە، کە یەکێکە لە پڕ سوودترین جۆری ڕەخنە بۆ خوێنەر توێژەرانی بواری شیواز و شیعرییەت لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا .

# ((ملخص الدراسة))

ان هذه الدراسة التي أجريت تحت عنوان( تحليل الطباق في اشعار نـالي)، عبـارة عن محاولة لتفسير الطباق كعملية شعرية و عرض أنواعه بنماذج شـعرية من أشـعار(نـالي)، مـع عرض العلاقة المعنوية المتنوعة للطباق، بالاضافة الى الوظيفـة الجماليـة المهمـة للطبـاق فـي شعر الشاعر.

توزعت الدراسة وفق خطة علمية الى فصلين:

عُرض في الفصل الأول مفهوم الطباق و أنواعه و علاقاتـه المعنويـة، وفـي الفصـل الثـاني تـمّ الحـديث عـن دور الطبـاق فـي بنـاء موسـيقا الشـعر و صـورته مـن خـلال أشـعار (نـالي) باعتبارهمـا جـانبين مـن جوانـب شـعرية الشـعر و فـي الأخيـر تـمّ عـرض نتيجـة الدراسـة والمصادر التي استخدمت في كتابتها.

**Abstract**

This research, under the title (The Opposite analysis in Nali’s poems), has done. It is an attempt for recognizing Opposite as a poetical mechanism and stating its kinds with Nali’s poetical instances, with relating this various meaning that Opposites has it in spite of being significant ecstatic that Opposite has it in his poems.

This work according to a scientific plan breaks into two sections, the first section explicates the term of Opposite, its kinds, and the relationship of its meanings. The second one is devoted to explain participating Opposite in forming musical poems and the image of poems as two aspects of poetical poem.

After demonstrating conclusions, the study consults a number of reference books that the study takes benefit from them.